
# نامەكانی فەرهاد پیربالْ



**گۆشەیەكی ئەرشیفییە ، تێیدا دكتۆر فەرهاد پیربالْ لە ئەرشیفی خۆیەوە ئەو نامانە بلاْوەدەكاتەوە كە لە نێوان ئەو و نوسەر و رۆشنبیرەكانی كوردستاندا ئالْوگۆڕ كراون ، گرنگی ئەم نامانە لەوەدایە هەریەكەیان حالەتێكی مێژوویی ، سیاسی، كۆمەلاْیەتی سەردەمێكی دیاریكراو دەگێڕنەوە .**

## نامەی د. ئەنوەری سولْتانی لە لەندەنەوە بۆ فەرهاد پیربالْ لە پاریس

بۆ كاك فەرهاد پیربالْ

كاك فەرهادی بەڕێز

پاش سلاْوو ئاواتی سەركەوتن، ئەو نامەیەی لەسەر تەرجەمەی شێوەكانی نازم حیكمەت بۆت نوسیبووم، ئەكەم بە بیانوو بۆ نووسینی ئەم نامەیەو دامەزراندنی باسێك. هیوادارم ئیجازەی ئەم كارەم بدەیو بەلاتەوە گران نەیەت.

ماوەی چوار سالێكە خەریكی ساغكردنەوەی سێ دەستنووسم: دووانیان بەكوردیو یەكیان بەفارسی، بەلاْم لەسەر كورد. یەك لەم سیانە، چیرۆكێكی شیعرییە بەكرمانجی ژووروو. سەرەتای كتێبەكەو هەندێكیش لە ناوەڕاستی، ناتەواوەو هەربۆیەش ناوو عینوانەكەی روون نییە.

ئەوەی روونە، ئەوەیە كە چیرۆكێكە، داستانێكی خەیالْییە لەوانەی وا لە ئەدەبی عەرەبو فارسیو توركدا زۆرن: ئەوینی شازادەیەك (سیف الملوك) بە كچی پەریزادێك (بدیع الجمال). ناوەكان زیاتر عەرەبینو پێدەچێ لاساییكردنەوەی (الف لیله) بێت. زمانی شێوەكان ساكارەو پڕە لە وشەو زاراوەی فارسی.

نووسەری چیرۆكەكە، "سیاه پۆش"ە. (رەنگە محەمەد جەواد سیاه پۆش بێت كە لە سالْی 1246ھ (31–1830ز)دا كۆچی دوایی كردووە).

بەلاْم نوسخەكە، خەتی خۆی نییەو چل سالْ پاش مردنی لە 1286دا "مەلابەكر" ناوێك نووسیویەتییەوە.

ئێستا، ساغكردنەوەو تەواوكردنی كتێبەكە پێویستی زۆری هەیە بەوەی بزانرێ داخوا نوسخەیەكی تری لە جێگایەكی تر پارێزراوەو چنگ ئەكەوێ؟ هەروەها زانیاری زۆر پێویستە لەسەر "سیاه پۆش" خۆی و "مەلابەكر"ی نوسخەهەلْگر. هۆی نووسینی نامەكەی منیش ئەوەیە داخوا كاك فەرهاد دەستی ئەگات بە بەلْگەنامەی عوسمانیو توركی، لێرەو لەوێ ئەم كتێبەی دیوە؟ سۆراخێكی لێی هەیە؟ بە كونو كاژێرێك ئەزانێ كە شتی وای لێبێ؟ كەس ئەناسێ یارمەتی "بیلمەز"ێكی وەك من بدات؟! لە "سیاه پۆش"و "مەلابەكر" هیچ ئەزانێ؟ بەكورتی، زۆر شتی لەو چەشنە هەیە كە ئەبێ بۆ من بێنە زانین تا لای كتێبەكە بەلایەكدا بخەم، یەجگار مەمنون ئەبم ئەگەر كاك فەرهاد یارمەتیم لێ درێغ نەكات.

چاوەڕوانی وەلاْم ئەبمو هەروەها پێمخۆش ئەبێ بزانم نووسراوەكەم لەسەر گۆڤارو رۆژنامەی كوردی ناو كتێبخانەكانی لەندەن گەیشتۆتەوە دەستتان یان نا؟ لەگەلْ رێزی زۆرما: ئەنوەری سولْتان .

London
England
28/2/92